# دیموكراسی لەنێوان مۆدێرنێتەو پۆست مۆدێرنێتەدا

**رانانی: شاخەوان كەمال**

دیموكراتی بابەتێكی هەنوكەییەو هەموو ولاّتانی دنیا ئەم دروشمە بەرزدەكەنەوە، زۆربەی هەرە زۆریشیان كاری جدی لەسەر دەكەن، ئەگەرچی ئەم چەمكەش لە كوردستانیش گرنگی و بایەخی تایبەتی پێدەدرێت و كەم تا زۆریش كاری لەسەر دەكرێت، دیموكراسی لەنێوان مۆدێرنێتەو پۆست مۆدێرنەدا لە نووسینی مەلا بەختیارەو بەشێكە لەو لێكۆڵینەوەیەی كە لە زنجیرە بلاّوكراوەكانی بنكەی ئەدەبی و روناكبیری گەلاوێژ كە پانزە ساڵ بەسەر بلاّوكردنەوەیدا تێپەڕیوە، لەبەر گرنگی بابەتەكە جارێكی دیكە ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران لە دووتوێی نامیلكەیەكی قەشەنگدا چاپیكردووەتەوە.




نووسەر لە دووتوێی ئەم لێكۆڵینەوەیەدا ئاماژەی بە مەسەلە پەیوەندیدارەكانی بە دیموكراسی و ئەو رێگریانەی كە هاتوونەتە رێی لە باش گەشەنەكردنی خستووەتەڕوو، لەگەڵ ئەمەشدا ئاماژەی بە چەند چەمكێك كردووە كە رۆڵیان هەیە لە بەرەوپێشچوونی مەسەلەی دیموكراسی، نوسەر لە سەرەتاوە ئاماژە بەوە دەكات "هەتا بڵێین گەلێكی هەژارین لە فەلسەفەدا، زۆربەمان گۆشەگیرین لە وەرگرتنی فەلسەفەدا، لەناو كەمایەتیدا توندرەوین لە جێبەجێكردنی فەلسەفەدا، لەناو روناكبیرانیشدا لاوازین لە لێكدانەوەی بوارە فەلسەفییەكاندا، تەنانەت تا ئێستاش هیچ فەلسەفەیەكی خۆكرد لەناو كلتوری نەتەوەكەماندا نەڕسكێنراوە".

تەنانەت نووسیویەتی بەداخەوە هەتا ساڵانی چلەكانی سەدەی رابردوو بەدواوە دوای تێپەڕبوونی 2640 ساڵ بەسەر مێژووی فەلسەفەدا، تاقە سەرچاوەیەكی فەلسەفی وەكو كتێبی وەرنەگێڕ دراوەتە سەر زمانی كوردی.

ئەڵبەت دیموكراسی شتێك نییە هەروا میللەتان بتوانن بە ئاسانی بەدەستیبهێنن، بەڵكو پێویستی بە باكگراوندێكی مێژوویی، فەرهەنگی، سیاسی، تێگەیشتن لە فەلسەفە، هتد....هەیە، هەربۆیە نووسەر ئەوەندە بە گرنگییەوە باسی لە هەبوونی سەرچاوەی فەلسەفی دەكات، لە بەرامبەر نەبوونی دیموكراسییەكی راستەقینە لە هەرێمی كوردستان وەك ئەوەی لە ولاّتانی ئەوروپا هەیە، رەنگە نووسەر بە شێوەیەك لە شێوەكان پاساوی بۆ هێنابێتەوە نووسەر پێیوایە "میللەتێك بە درێژایی مێژووی قەڵەمڕەوی عەباسی و ئومەویی و شیعەو سوننە و سەفەوی و عوسمانی، بچوكترین مافی میللی پێڕەوا نەبینراوە، تەنانەت سەركوت كرابێت و تاوانیان بەرامبەر نواندبێت، سەرەڕای هەموو ئەمانە لەڕووی عەسكەرییەوە شكێنرابێت، ئیتر چۆن زەمینەیەكی بۆ دەرەخسێت بۆ وەرگرتنی بیروڕای جیاواز و پاراستنی جیاوازییەكانی خۆی".

لە شوێنێكی دیكەدا نووسەر ئاماژە بەوە دەكات "كورد كاتێك دەرگاو پەنجەرەكانی گواستنەوە، یان سودلێوەرگرتنی فەلسەفە نوێیەكانی رۆژئاوای بۆ ئاوەلاّ بوو، لەسەر ئاستی جیهان و ناوخۆ دووچاری دوو چەشن لە كاردانەوە بوو، كاردانەوەیەكیان بەرامبەر هەرەسی فەلسەفەی ئەوروپای رۆژهەلاّت و كاردانەوەیەكی تر بەرامبەر هەرەسی هێز، سیاسیەكانی شۆڕشی نوێ لە ئەنفالەكاندا، كاریگەری ئەوەی لێكەوتەوە لەدوای راپەڕین ئاراستەی پۆست مۆدێرنێتە درێژەی پێبدەن".

گۆڤارێكی فكرییە، دەزگای والاّ دوو مانگ جارێك دەریدەكات